# جۆرەکانی لێکچواندن لە شیعرە کوردییەکانی (ئەختەر) دا

**م.ی. ڕۆکان گوریل شەعیا**
**مامۆستای یاریدەدەر**
**زانکۆی کۆیە/ فا. پەروەردە**
**بەشی زمانی کوردی**

**د. دەریا جەمال حەوێزی**
**مامۆستا**
**زانکۆی کۆیە/ فا. پەروەردە**
**بەشی زمانی کوردی**

## پێشەکی

زانستی ڕەوانبێژی یەکێکە لەو زانستە گرنگانەی کە وا لەبەرهەمی ئەدەبی دەکەن ڕوونی و پاراوی بە وشە ببەخشێت، لە ڕووی واتاشەوە کەمترین هەڵەی تێدا دەردەکەوێت، چونکە ڕەوانی بەواتای وشەکە دەدات و لە بوونی هەر هەڵەیەک دەیپارێزێت، لەهەمان کاتیشدا وەکو بابەتێکی ڕەخنەیی وایە، و دەقی ئەدەبی دەخاتە تای تەرازووی هەڵسەنگاندنی ئەدەبییەوە، ڕەوانبێژی ئاستی سەرکەوتنی شاعیر لە دارشتنی هونەری دەقە شیعرییەکە دیاری دەکات، هەربۆیە بوونی ئەم زانستە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو لەنێو دەقی ئەدەبیدا ئاست بەرزی ئەو دەقە ئەدەبییە دیاری دەکات، هەر بەمهۆیەشەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی (جۆرەکانی لێکچواندن لەشیعرە کوردییەکانی ئەختەر دا ) لەدایکبوو.

(ئەختەر) نازناوی شیعری (ئەمین ئاغای حاجی بەکراغای حەوێزی) یە لە ١٨٣٨ز. لە شاری کۆیە لە دایکبووەو لە ساڵی ١٨٨٨ز. کۆچی دوایی کردووە، خاوەنی کۆمەڵە شیعرێکە بەزمانی کوردی و فارسی کەوا لە دیوانێکی ٨٣ هەشتاو سێ لاپەڕەی نیوA4 بەناوی ( دیوانی ئەختەر) لەساڵی ٢٠٠٢ بڵاوکراوەتەوە. (بڕوانە: حەوێزی :٢٠٠٢) .

هۆی هەڵبژاردنی باسەکە: هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ لێکۆڵینەوە، لەلایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بابەتی ڕەوانبێژی خۆی، هەرچەندە بەداخەوە تا دێت خزمەتکردنی ئەم بەشەی ڕەوانبێژی لەنێو زانکۆو دەزگا ئەکادیمییەکاندا وردە وردە بەرەو کزی دەڕوات، لەلایەکی تر تاوەکو ئێستا لەڕووی زانستی ڕەوانبێژییەوە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو شاعیرە ئەنجام نەدراوەو وەکو پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، بۆیە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی لەمشێوەیە بەپێویست دەزانین، بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتێکی کەم پێشکەش بەشیعرو ئەدەبیاتی کوردی بکەین،

لایەنێکی شاراوەش لەشیعری شاعیرێک بخەینە ڕوو کەزۆر کەم دەستی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی پێگەیشتووە، سوپاس بۆ خوای گەورە کە ئەو توانایەی پێبەخشین و لێکۆڵینەوەکەمان گەیشتە ئەنجام.

سنووری باسەکەمان تەنها نموونەی جیاجیا لەشیعرە کوردییەکانی ئەختەر دەگرێتەوە، سەبارەت بەو گرفتانەی لەئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەش هاتونەتە پێش، تەنها ئەوە بوو، جۆرەکانی لێکچواندن لە کتێبخانەی کوردیدا زۆر کەم لەبارەیەوە نووسراوە، بۆیە زیاتر پشتمان بەچەند سەرچاوەیەک بەزمانی عەرەبی بەستووە، بەو هیوایەین لە وەرگێڕانییان بۆ سەر زمانی کوردی سەرکەتوو بووبین.

لە لێکۆڵینەوەکەماندا هەردوو میتۆدی وەسفی و شیکاریمان بەکارهێناوە، سەرەتا بۆ لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکە میتۆدی وەسیفیمان بەکارهێناوە، دواتر بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکان و دەستنیشانکردنی پێکهاتەکانی لێکچواندن و پۆلێنکردنییان بەسەر جۆرەکانی لێکچواندندا میتۆدی شیکاریمان بەکارهێناوە.

لێکۆڵینەوەکە لەپێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و سەرچاوەکان پێکهاتووە، بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە (ناساندنێکی گشتی بۆ ڕەوانبێژی، ڕوونبێژی، لێکچواندن)، بەشی دووەم لەژێر ناونیشانی(جۆرەکانی لێکچواندن بەپێی ژمارەی بنەڕەتە دەرکەوتووەکانی) تەرخانکراوە بۆ پیشاندانی چەند جۆرێکی لێکچواندن کەوا بەر ئەم پۆلێنە دەکەون، و بەنموونەی شیعری لە شیعرە کوردییەکانی ئەختەردا ڕونکراوەتەوە، بەشی سێیەم و کۆتایش بریتییە لە (جۆرەکانی لێکچواندن بەپێی بابەتی بنەڕەتەکانی و چۆنیەتی ڕیز بوونییان)، و دوای پێناسەکردنی ئەم جۆرانەش نموونەی شیعری گونجاو لەشیعری ئەختەردا خراوەتە ڕوو، دواتریش ئەنجامە بەدەستهێنراوەکان بەچەند خاڵێک لەگەڵ لیستی ناوی سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم
## ناساندنێکی گشتی

### ١. ڕەوانبێژی لە ڕووی چەمک و زاراوەوە :

ڕەوانبێژی وەک زۆربەی زانستەکانی تر سەرەتا لای یۆنانییەکان سەریهەڵداوە، و ئەو زانیارییانەی کە تا ئێستا لەبەر دەستن ئەوە دەسەلمێنن کە یۆنانییەکان کۆنترین میللەتێکن کە بایەخییان بە ڕەوانبێژی داوە، کەوا لەسەرەتادا بریتی بووە لە هونەری دواندن بۆ ئەوەی لەسەر شانۆ پێشکەش بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاست نییە ڕەوانبێژی تەنها تایبەت بکرێت بەمیللەتێکەوە، بەڵکو هەر میللەتە خاوەنی ئەدەب و ڕەوانبێژی خۆیەتی، هەرچەندە ڕەوانبێژی لای میللەتان تایبەتمەندی گشتی هەبێت، بەڵام هەر میللەتەو خاوەنی چەندین تایبەتمەندیی خۆیانن، هەروەکو لەزمان و ئەدەبی کوردیدا هەست بەم تایبەتمەندییە دەکرێت.

سەبارەت بەپێناسەی ڕەوانبێژی، زۆر لەشارەزایانی ئەم بوارە پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ کردوەو لێیان کۆڵیوەتەوە، بۆ نموونە گوتراوە(( ڕەوانبێژی لەزمانی عەرەبیدا بەو قسەو باسەی ڕەوان و گەوهەردار بێت ئەڵێن (بليغ) و پاشان (بلاغە) ی لێ وەرگیراوە بۆ هەمووی بووە بەناو بۆ زانیارییەکە. لە زمانی کوردیدا ئەو چەمکە کە (بلاغە) ی لە زمانی عەرەبیدا بۆی دانراوە وشەی (ڕەوانبێژی) بە تەواوی پڕی دەکاتەوە، بەڵکو زیاتریش))(سەجادی: ۱۹۷۸: ٥). لە پێناسەیەکی تردا لەبارەی ڕەوانبێژییەوە دەگوترێت: (( ڕەوانبێژی زانستێکی زۆر کۆن و بەتەمەنە، جوانی و ئەفراندن بەشیعر دەبەخشێ، بۆ شیعر وەکو دەمارە، بنەڕەتێکی گرنگی ئەدەبە بەگشتی و شیعری کۆنە بەتایبەتی، گۆڕەپانی ئەم هونەرە یەکجار فراوان و بەربڵاوە، بۆیە تەسەوڕ ناکرێ ئەگەر شیعر شیعر بێت بێ ڕەوانبێژی دروست بوو بێت. ڕەوانبێژی ئاوێنەیەکی گەورەیەو بیرو ڕووی ڕۆشنبیری شاعیر نیشان دەداتەوە))(مەولود: ۲۰۰۱: ۱۲۱).

سەبارەت بەمێژووی دەرکەوتنی لێکۆڵینەوەی ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیشدا، ئەگەر پێداچوونەوەیەک بەبیبلۆگرافیای لێکۆڵینەوە ڕەوانبێژییەکان لەئەدەب و ڕەخنەی کوردیدا بکەین، دەردەکەوێت کەوا بەهۆی ڕۆشنبیری ئایینییەوە لەناو کورددا زۆر کەس هەڵکەوتوون، کە شارەزاییان لەڕەوانبێژیدا هەبوە، لەوانەش (شێخ مارفی نۆدێ) کە کتێبی (علم البيان) ی ابو جاسمی لێکداوەتەوە، (شێخ نوری شێخ سالح) لەم مەیدانەدا جێ پەنجەی دیارە، پاشان لەساڵی (۱۹۷۲) شدا (عەزیز گەردی) بەرگی یەکەمی کتێبی ڕەوانبێژی بەناونیشانی(ڕوونبێژی) بڵاوکردەوە، دواتر لەساڵی (۱۹۷٥) دا بەرگی دووەمی بەناونیشانی (جوانکاری) و دواجاریش لەساڵی (۱۹۷۹) بەرگی سێیەمی بە ناونیشانی (واتاناسی) بڵاوکردەوە، هەروەها (محمد سيد ابراهیمی) کتێبێکی لەم بوارەدا بڵاوکردەوە بەناونیشانی (گەشتێ

بەعیلمی بەلاغەدا)، سەرەڕای ئەوە مامۆستا عبدالكریمی مودەریس (بدیع و عەروزی نامی) بەچاپ گەیاند، هەروەها مامۆستا عەلائەدین سەجادی ش لەساڵی (١٩٧٨) دا (خۆشخوانی) بەچاپ گەیاند، هەروەها مامۆستا عبدالكریمی مودەریس و فاتیحی كوڕی لە پەراوێزی دیوانی چەند شاعیرێكی كلاسیكی كوردیدا، كەوا كاری كۆكردنەوەو ساغكردنەوەی ئەو دیوانانەیان لەئەستۆ گرتبوو، وەک دیوانی (نالی، مەحوی، مەولەوی...) كۆمەڵێك زانیاری باشییان سەبارەت بە هونەرەكانی ڕەوانبێژی داوە بەدەستەوە، بەڵام هەر زاراوە عەرەبییەكانییان بەكارهێناوە. لە قۆناغێكی دواتریشدا هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا خۆشبەختانە دەبینین لەنێو زانكۆكانی هەرێمی كوردستاندا چەندین توێژینەوەی ئەكادیمی لە بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی كوردی بڵاوبۆتەوەو لەنێو دەزگا ئەكادیمییەكاندا تا دێت گرنگی و بایەخی زیاتر بەو لایەنانە دەدرێت، بەڵام ئەو گەرم و گوڕییە نابینین لەبایەخدان بەلایەنی ڕەوانبێژی، و لێكۆڵینەوە لەبواری ڕەوانبێژی لە ئەدەبی كوردیدا زۆر كەم ئەنجام دراوە، بەهیوایین لەئایندەدا زیاتر دەستی لێكۆڵینەوەی ئەكادیمی پێبگات.

## ٢. ڕوونبێژی ـ البیان:

ڕوونبێژی یەكێكە لە سێ بەشە سەرەكییەكەی ڕەوانبێژی،(( لە ڕوی وشەییەوە (ڕونبێژی) وشەیەكی لێكدراوە پێكهاتوە لە(ڕون) كە سیفەتێكە تایبەتە بە (ئاو)، دەگوترێت ئاوێكی ڕون، واتە بێگەردەو چ خۆڵ و پیسییەكی تێدا نییە ... لەگەڵ (بێژی) ئەمەش پێكهاتوە لە(بێژ) ڕەگی چاوگی (بێژتن) ی دروستكەری (ناوی واتایی)... بەو شێوەیە بەسەریەكەوە (ڕونبێژی) واتە ئەو گوتەو ئاخاوتنەی لەڕوی واتاوە ڕون و ئاشكرایەو بێ گرفت و ئاڵۆزییە))(عەبدوڵڵا: ٢٠١٠ : ٦١).

سەبارەت بە پێناسەی ڕوونبێژی، زۆر پێناسەی جیاواز بەرچاو دەكەوێت، بۆ نموونە دەگوترێت:(( ڕونبێژی باسێكی زۆر فراوانەو ئەو شتانە دەگرێتەوە كەپەردە لەسەر لێڵی وشە شاراوەكانی ناو دەق لا دەبات و بەشێوازێكی ڕونتر ئەیخاتە بەرچاو، بەشێوازێک كە خوێنەری دەق زیاتر چێژ لەخوێندنەوەی ئەم دەقە وەربگرێت و لەبنج و بناوانی ڕاستییەكان نزیک ببێتەوەو بگاتە ئەنجام))(گەردی:١٩٧٢ :١٨). یان بە دەربڕینێكی تر گوتراوە: (( زانستی ڕوونبێژی بریتییە لەبنەماو ڕێسا بۆ دەربڕین بەشێوازی جۆراوجۆرو هۆكاری جیاواز))(الواعض، ١٩٦٧: ٧)، یان دەگوترێت: (( بریتییە لەزانستێک بە هۆیەوە تاكە واتایەک بەچەند ڕێگایەكی جیاواز دەستنیشان دەكرێت بەهۆی ئەو ئاماژانەی تێیدا

دەردەکەون))( القزويني: ٢٠١٢: ٢٣٥-٢٣٦). بەهۆی هەموو ئەمانە، ڕوونبێژی لەڕووی چەمکەوە:(( ڕێساو یاسایە کەوا بەهۆیەوە تاکە واتایەک بەڕێگای جیاواز دەستنیشان دەکرێت، بەهۆی ئاماژەیەکی ژیری بۆ هەمان واتا))( الهاشمي: ٢٠٠٨: ٢٤٤-٢٤٥).

## ٣. لێکچواندن:

هەروەک لەناونیشانەکەوە دەرکەوت، ئەم هونەرەی بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەمان پێکدەهێنێت، بریتییە لە لێکچواندن،(( لێکچواندن وەک شێوازێک لەشێوازەکانی دەربڕین گرنگییەکی زۆری هەیە ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خەڵک لەگەڵیدا ئاشناو ئاسودەن یان لەنوسینەکانییان بەکاریدەهێنن و پەنای بۆ دەبەن، هەر بۆیە لەهەموو زمانێکدا هەیەو زاناو ئەدیبەکان لەهەموو بوارەکاندا بەکاری دەهێنن بۆ گەیشتن بەئامانجەکانییان، و گەر بڕوانینە نووسراوە زانستییەکان و لێکۆڵینەوە یاساییەکان و توێژینەوە ئەدەبییەکان و هەر داهێنانێکی تر دەبینن هەموویان بەشێوەیەک لەشێوەکان پەنا دەبەنە بەر لێکچواندن))(يموت: ١٩٨٣: ١٧١،١٧٢). هەر بەمهۆیەوە هەموومان کەم و زۆر لەژیانی ڕۆژانەماندا لێکچواندن بەکاردەهێنین و دەیکەین بەهۆکارێک بۆ دەربڕینی بیروڕاکانمان و گەیاندنی بۆچوونەکانمان سەبارەت بەکەسەکان و شتەکانی بەرچاومان، دەتوانین بڵێین لێکچواندن بڵاوترین شێوازی دەربڕینە لەزماندا.

بۆ ناساندنی زیاتری ئەم هونەرە دەگوترێت:(( پێوەندییەکی بەراوردکارییە دوو جەمسەر بەمەبەستی یەکگرتن یان هاوبەشی کردنییان لە پەسنێک یان دۆخێک و یان کۆمەڵە پەسن و دۆخێکدا کۆ دەکاتەوە، ئەم پێوەندییە دەشێ پاڵپشت بێت بەچواندنێکی هەستی یا چواندنێک لە حوکم یا پێداویستی زەینیدا، کەوا هەردوو جەمسەرە بەراورد کارەکە پێکەوە دەبەستێت، بەبێئەوەی پێویست بێ هەردوو جەمسەرەکە لەشێوەی ماددی یا خود لەزۆربەی پەسنە هەستییەکاندا هاوبەش و چوونیەک بن)) (کەریم: ٢٠١٢: ١٩٧). یان بەدەربڕینێکی تر: (( لێکچواندن دیاردەیەکی سروشتییە، ئەگەر نەختێ هەست لەدەوروبەری خۆمان ڕابگرین، گوێ بۆ گفت و لفتی هاوزمانەکانمان شل بکەین بە ئاشکرا بۆمان دەرئەکەوێ کە لێکچواندن وەکو فرفرۆک لەناو گفتوگۆکانمان هەڵئەفڕێ بەبێ ئەوەی هەر هەستیشی پێ بکەین. لێکچواندن وەنەبێ تایبەتی بێ بەهیچ نەتەوەو هۆزو خێڵێکەوە بەڵکو بەهرەیەکی گشتی و دیارێکی سروشتییە، هەر بەزگماکییەوە هەموو دڵێک

بۆی ئەچێ و بەڕشێنەی ئەوەوە گڕی خۆیدا ئەمرکێنێتەوە نەشئەیەک پەیدائەکا))(گەردی:١٩٧٢،٢٣)، یان بەشێوەیەکی تر گوتراوە: (( لێکچواندن هونەرێکی کۆن و وردی ڕەوانبێژییە یەکگرتن و وەک یەکی لەنێوان دوو شت یان زیاتر پیشاندەدات، دەمێکە مرۆڤ شەیدایەتی بۆ هێنانەدی خەون و خەیاڵەکانی. ئاوێنەیەکە دەروون و ژوورەوەی شاعیر ئاوەژو دەبێتەوەو سەرە داوی نهێنی وشە شاراوەکانی شاعیر لەوەوە بەدەستدێ))(مەولود: ٢٠٠١: ١٤٨). هەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پێناسەی لێکچواندن ئاماژە بە بۆچونەکەی (سەردار گەردی) دەکەین کەدەڵێ:(( بریتییە لەڕونکردنەوەی سیفەتی کزی لێچو بەخشڵ و ئارایشی لەوچو، واتە ڕازاندنەوەی بەژن و باڵای لێچو بەخشڵ و ئارایشی لەوچو ئەگەر هاتو بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی لێچو بو، خۆ ئەگەر مەبەست شکاندنەوە و ناشیرینکردنی لێچو بێت ئەوسا دزێوکردنی لێچو بە سیفەتە خراپەکانی لەوچو))(سەردار گەردی: ١٩٩٧: ٥٢). لەمەوە دەتوانین بڵێین لەو پێناسانەی کە بۆ ئەم هونەرەمان خستمانە ڕوو دەتوانین بڵێین (( لێکچواندن گوزارشتکردنە لەهاوبەشبونی شتێک لەگەڵ شتێکی تر)).( مستەفا: ٢٠١١: ١١٧).

کەواتە لێکچواندن(( بریتییە لە هاوتاکردنی خاسیەتی شتێک بەشتێکی نزیک یان هاوتای خۆی، لەڕوویەک یان چەند ڕوویەکەوە، بەڵام نەک لەهەموو ڕووەکانەوە، کە دەڵێیت:(ڕووی وەک گوڵە)، دەتەوێت باس لەڕوویەک بکەیت کە لەگوڵ دەچێت لەڕووی سووری گەڵاکانی و ناسکی و جوانی و بۆنەکەی ))(عصفور: ١٩٩٢: ١٧٢)، کەواتە (( ناشێت ئەو دوولایەنەی لێچواندنەکە دروستدەکەن تەواو هاوبەش بن لەهەموو خاسیەتێکدا بەڵکو پێویستە خاسیەتێک یان چەند خاسیەتێکی هاوبەشییان هەبێت تا ئەو لێکچواندنە دروستبکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت خاسیەتی جیایان هەبێت بۆ ئەوەی نەبن بە یەک شت))(حەوێزی: ٢٠٠٩: ٢٣)، واتە ناشێت ئەو دوو لایەنەی لێکچواندنەکە دروستدەکەن تەواو هاوبەش بن لە هەموو خاسیەتێکدا، بەڵکو پێویستە خاسیەتێک یان چەند خاسیەتێکی هاوبەشییان هەبێت تا ئەو لێکچواندنە دروستبکات، بەڵام لەگەڵئەوەشدا دەبێت خاسیەتی جیایان هەبێت.

بەهۆی ئەو ڕۆڵەی کە هەر لەکۆنەوە ئەو هونەرە لەژیانی ئاسایی مرۆڤدا کێشاویەتی، هەمووومان کەم و زۆر لەژیانی ڕۆژانەماندا لێچواندن بەکاردەهێنین و دەیکەین بەهۆکارێک بۆ دەربڕینی بیروڕاکانمان و گەیاندنی بۆچوونەکانمان سەبارەت بەکەسەکان و شتەکانی بەرچاومان، دەتوانین بڵێین لێکچواندن بڵاوترین شێوازی دەربڕینە لە زماندا .

ئەمەی باسکرا لەبارەی بەبەکارهێنانی وێنە لێچواندن و ئالۆگۆڕکردنیەتی لە نێوان مرۆڤی ئاسایی و کەسانی دوور لەشاعیرە، بەڵام لەکاتی ئاماژە کردن بۆ ئەو باسە لە خودی شیعردا ڕۆڵی گرنگی ئەو هونەرە دەرکەوێت، چونکە ئەو هەموو وەسف و جوانیەی کە شاعیران بۆ ئازیزان و بۆ وڵات و نیشتمان و بۆ هەرچ شتی جوان و سەرنج ڕاکێشی بەرهەستەکانیان هەیە، هەموو ئەمانە لەسەر بنچینەی لێچواندنی شتی نائاشکرا بە شتە ئاشکراکان دەهێننە بەرهەم))(حەویزی: ٢٠٠٩: ٦٢).

## ٤. مەبەست و ئامانجی لێکچواندن:

سەبارەت بەمەبەست و ئامانج لەلێکچواندنیش، زۆر ڕای جیاواز خراوەتە ڕوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەگوترێت: (( ئامانجی لێکچواندن بریتییە لەڕوونکردنەوەو کورتکردنەوەو بەشێوەیەکی گشتی لە لێکچواندنی ئاوەژوودا نەبێت دەگەڕێتەوە بۆ لێچوو بۆ نموونە-:

١. دەرخستنی تواناکەی، ئەگەر بابەتەکە نامۆ بوو بۆ تێگەیشتن.
٢. دەرخستنی بارودۆخەکەی، ئەو کاتەی کەوا سیفەتەکەی ڕوون نەبوو لەپێش لێکچواندنەکەدا.
٣. دەرخستنی بڕو ڕێژەی بارودۆخەکەی لەبەهێزی و بێهێزیدا، لەکاتێکدا لەپێش لێکچواندندا سیفەتەکەی بەشێوەیەکی گشتی ناسراوە.
٤. شیکردنەوەی بارودۆخەکە لەدەرونی گوێگردا، بەدەرخستنی بابەتێک کەوا ئاشکراترو بەهێزترە، زۆرجاریش لێکچواندنی شتێکی واتایی دەکرێت بەشتێک کە زیاتر بەر هەستێک دەکەوێت.
٥. جوانکردنی لێچوو و بەرز ڕاگرتنی.
٦. ناشیرینکردنی لێچوو و سەرزەنشتکردنی.
٧. جوان دەرخستنی لەوێنەیەکی تازەدا ...))( المراغي: ٢٠١٢: ١٩٧ – ١٩٨).

ئەوەی گوترا گرنگترین ئەو خاڵانەی کە سوودو مەبەستەکانی لێکچواندن پیشاندەدەن.

## ٥. هۆکارەکانی کاریگەری لێکچواندن:

لێکچواندن بەهۆی چەند خاڵێکەوە کاریگەر دەبێت، و دەتوانین ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی کاریگەری لێکچواندن، لەچەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە:

((١. هۆکاری کاریگەری لێکچواندن ئەوەیە کەوا دەروون لەشتێکی ژیری بۆ شتێکی هەستی دەبات، یان لەبیرو هۆشێکەوە دەیبات بۆ بەرهەمێک، یان لەنائاشکرا بۆ ئاشکرا، ئەمانەش هەموو دەبن بەلەناوبردنی گومان، چونکە کاریگەری هەواڵ وەک کاریگەری بینین نییە.

٢. یەکێکی تر لەکاریگەرییەکانی لێکچواندن ئەوەیە کەوا چەند شتێکی دوور لەیەکتر بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، ئەمەش جوانی و چێژ بەدڵ و دەروون دەبەخشێت.

٣. هۆکارێکی تر لەکاریگەری لێکچواندن ئەوەیە کە پێویستی بەبیرکردنەوە هەیە ئەمەش چێژێک بەدڵ و دەرون دەبەخشێت))( عباس: ٢٠٠٩: ٨٦-٨٧).

## بەشی دووەم

## جۆرەکانی لێکچواندن بەپێی ژمارەی بنەڕەتە دەرکەتووەکانی

هەروەک لەمەوپێش ڕوونکرایەوە، لێکچواندن لەسەر چوار بنەڕەت دروستدەبێت،(( لێچوو، لەوچو، ئەوزرای لێکچواندن، ڕووی لێکچواندن. دوو لایەنەکەی بریتییە لە: لێچوو و لەوچو، ئەوانە دوو لایەن و دوو بنەڕەتییان پێدەگوترێت، بەڵام ئەوزارو ڕووی لێکچواندن تەنها بنەڕەتن، جیاوازی نێوانییان ئەوەیە: بەبێ بنەڕەت لێکچواندن دروستدەبێت بەڵکو نەبوونی باشترە لەبوونی، بەڵام بێ دوو لایەنەکە لێچواندن بوونی نابێت ))(أبو العدوس: ١٩٩٩: ٩٨)، لەسەر ئەم بنەمایەش چەند جۆرێکی لێکچواندن دەستنیشاندەکرێن:.

### ١. لێکچواندنی تەواو یان ڕەوان ـ پەسندکراو (التشبيه البليغ):

ئەو جۆرەی لێکچواندن بەهێزترین جۆرە،(( ئەو جۆرەیە کە دوو لایەنەکەی دەرکەوتووەو ڕووی لێکچوون و ئامرازی لێکچواندن دەرنەکەوتووەو هۆی ناونانی بە (ڕەوان) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لابردنی ڕووی لێکچوون و ئەوزار دەبێتە هۆی یەکبوونی دوو لایەنەکەو جیاکردنەوەیان، و لێچوو بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاستی لەوچو و ئەمەش زیادەڕۆییەکە لەتوانای لێکچواندندا، بەڵام دەرکەوتنی ئامراز دەبێتە هۆی لاوازبوونی لێچوو و نەگەیشتنی بەئاستی

لەوچو و دەرکەوتنی ڕووی لێکچوون دەبێتە هۆی ئالۆزبوونی و پەستانی لەیەک سووچدا))(شعیب: ٣٧)، بەدەربڕینێکی ڕوونتر دەتوانین ئەو پێناسەیە بکەین بە بنەما، کە دەڵێت:(( ئەو لێکچواندنەیە، تیایدا تەنها لێچو و لەوچو ئەوترێ و بەس ))(گەردی: ١٩٧٢: ٣٧). ئەختەری شاعیر چەند نموونەیەکی لەم جۆرە لێکچواندنە هۆنیوەتەوە، هەروەکو لەدێرە شیعرێکدا دەڵێ :

بە خۆی بێ ڕەحمە دڵدارم وە گەر نە با ڕەقیب سەگ بێ

بە شەو فرصەت دەبێ بێتن عبادەت کا بە بێ دەنــگــی ل. ٦٣

شاعیر لێرەدا گلەیی لەیارەکەی دەکات کەبێڕەحمەو ئاوڕی لێناداتەوە، ئەویش باوەڕ بەبیانووەکانی ناکات گوایە لەترسی ڕەقیب ناتوانێت لێی بپرسێت، چونکە ئەگەر ڕەقیب وەک سەگیش لەبەر دەرگا وەستا بێت، ئەوا یار دەتوانێت بەشەو لێی بپرسێت. لێکچواندنەکەش بەمجۆرەیە:

ڕەقیب (ناحەز): لێچوە

سەگ: لەوچوە

ئەوزار: دەرنەکەوتووە

ڕووی لێکچواندن: دەرنەکەوتووە.

دەبینین شاعیر تەنها دوو بنەڕەتە سەرەکییەکانی لێکچواندنی تێدا بەکارهێناوە، بەمهۆیەوە کاریگەریی و بەهێزی دێرە شیعرەکە دەرکەوتووە، بەمەش لێکچواندنی تەواو یان ڕەوان بەرهەمهاتووە.

هەروەها لە شیعری (ئەسیری محنەتی) دا دەڵێ:

ئەسیری محنەتی هیجرانی تــۆم یاری وەفادارم

کوژراوی خەنجەری موژگانی تۆم محبوبی نازدارم ل ٧٠

لێرەدا شاعیر خۆی بە دیل و کۆیلەیەک دادەنێت بەرامبەر یارەکەی، بەتایبەتی ئەو کاتەی جێیهێشتووە، چونکە ئەو کوژراوی تیشکی چاوی یارە کە وەک خەنجەر دڵی شاعیر زامدار دەکات، لێرەدا:

خەنجەر: لەوچوە

موژگان (تیری برژانگی چاو) : لێچوە

ئەوزار: دەرنەکەوتووە

ڕووی لێکچواندن: دەرنەکەوتووە.

وەک دەبینرێت، تەنها دوو بنەڕەتە سەرەکییەکە (لێچوو، لەوچو) بەرچاو دەکەون، بۆیە ئەم نموونەیە بە لێکچواندنی ڕەوان دادەنرێت.

٢. **لێکچواندنی ڕەهای پوختە**: ئەو جۆرەیان لەچوار بنەڕەتەکەی لێکچواندن سێیان دەردەکەون، و((ئەو لێکچواندنەیە کە ئەوزاری تێدا هاتبێت، بەڵام ڕووی لێکچواندنی تێدا لابرابێت))( مستەفا: ٢٠١١: ١٢٣). هەروەکو لە نموونەیەکی شیعری تردا ئەختەر دەڵێ :

نەو نەمامە بۆ نیگاهی تۆ دەروونم لەت لــەتــە

چاوی بێ مەیلت لەگەڵ من عەینی دەردو زیللەتە ل. ٦٨

لێرەدا شاعیر ڕووی قسەی کردۆتە یارەکەی و ڕەخنەی ئەوەی لێدەگرێت کەوا بەچاوەکانی سەیری شاعیر دەکات، شاعیر بۆ نیگاهی نەونەمام، واتە بۆ سەیرکردنی یار دڵ و دەروونی لەت بووە، لەبەرامبەردا یار بەچاوێکی بێ مەیل و بێ بایەخ لێی دەڕوانێت، لێکچواندنەکە لەم نموونەیەدا بەمشێوەیەی خوارەوە بنیاتنراوە:-

چاوی یار: لەوچوە

دەردو زیللەت: لێچوە

عەین: ئەوزارە

ڕووی لێکچواندن: دەرنەکەتووە.

٣. **لێکچواندنی جەختاو (التشبیه المؤكد)**: لەمجۆرەیاندا مەبەستی لێکچواندنەکە زیاتر ڕوون دەبێت، چونکە(( ئەو لێکچواندنەیە کە ڕووی لێکچواندنی تێدا هاتبێت، بەڵام ئەوزاری تێدا لابرابێت))(مستەفا: ٢٠١١: ١٢٤). واتە لەو لێکچواندنەدا سێ بنەڕەتی لێکچواندن دەردەکەوێت، و لەچوار بنەڕەتەکە تەنها ئەوزار دەرناکەوێت، هەروەکو لە شیعری ( گرفتارم) دا ئەختەر دەڵێ:

گرفتارم بە سیحری چاوەکانی مەستی فەتتانت

بریندارم بە زەخمی سینە دوزی تیری موژگانت ل. ٦٨

لێرەدا شاعیر گرفتارە بەچاوە فیتنە ئەنگێزەکانی یارەکەی، چونکە کێشەو ململانێی دەروونی بۆ شاعیر دروستدەکەن، برژانگەکانیشی سینەی شاعیر بریندار دەکەن، لێرەدا دەبینرێت:

تیر: لەوچوە

موژگان (برژانگ): لێچوه
ئەوزار: دەرنەکەوتووە
بریندارم (بریندار کردنی شاعیر): ڕووی لێکچواندنە.

٤. **لێکچواندنی ڕەها** ( **التشبیة المطلق**): جۆرێکی تر لەجۆرەکانی لێکچواندن لە ڕووی ژمارەی بنەڕەتەکانییەوە، بریتییە لە لێکچواندنی ڕەها، کەوا ((ئەو لێکچواندنەیە، کە هەر چوار ڕەگەزەکان (بنەڕەتەکان) ی بە ئاشکرا تێدا هاتبێ)) (گەردی: ١٩٧٢: ٣٦). بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (دەخیلت بم) دا دەڵێ :

هەتا وەک شیری دایک لێت حەڵاڵ بی
خەناوی کە بە خوێنم دەست و پەنجە ل. ٦٧

لەم دێڕەشدا شاعیر بەپێی بیروباوەڕی ئایینی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەی خۆی بیر دەکاتەوە، چونکە پێیوایە شیری دایک بۆ کۆرپەکەی باشترین نموونەی حەڵاڵ بوونە، بۆیە ڕێگە بە یار دەدات بێتە لای شاعیر، و شاعیر بکاتە قوربانی و بەخوێنەکەشی دەست و پەنجەکانی خۆی خەناوی بکات، ئەو قوربانییەش وەک شیری دایک بەحەڵاڵ دەزانێت. لەم نموونەیەدا شاعیر هونەرکارییەکی بەرزی لێکچواندن دەخاتە ڕوو، لەلایەکەوە خوێنی خۆی بەخەنە چواندووە لەسووریدا، لەلایەکی تریشەوە دیسان خوێنی خۆی بەشیری دایک چواندووە لەحەڵاڵیدا. ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە لێکچواندنی دووەمە :
شیری دایک: لەوچوه
ڕێگەدان بە خوێناوی کردنی دەست و پەنجە: لێچوه
وەک: ئەوزارە
حەڵاڵ بوون: ڕووی لێکچواندنە.

هەر لەم شێوەیەداو شاعیر لە شیعری (من دەزانم) دا دەڵێ:

ئەفعا ئاســـا زولفەکەت گرتایان دەوری قـــــەمەر
سا قەمەر دەر عەقرەبە، بۆیە وەها جەولان دەکەن ل. ٦٦

شاعیر پەرچەمی یاری بەمار چواندووە، چونکە سیفەتی هاوبەش لەنێوان پەرچەمی یارو ماردا هەیە کە بریتییە لە لوول خواردن و ڕەنگی ڕەش، بەڵام ڕووی وەک مانگی یار لە تەوەری خۆی لایداوە، بۆیە هەردەم لە خولانەوەدایە.
لێکچواندنەکەش بەمجۆرەیە:
ئەفعا (مار) : لەوچوه

زولف: لێچوە

ئاسا: ئەوزارە

دەور گرتن: ڕووی لێکچواندنە.

وەک دیارە هەر چوار بنەڕەتەکەی لێکچواندن بەرچاو دەکەون، بۆیە بە لێکچواندنی ڕەها دادەنرێت.

هەر لەمشێوەیەدا شاعیر لە شیعری (نەو نەمامە) دا دەڵێ:

مزبەلەی بەر دەرگەکەت وەک سەگ ئەگەر لێ ی وەرکەوم

سەد ئەوەندە کـــەمتریش ئێستە کمالــــی ڕەفعەتە ل. ٦٨

لێرەدا شاعیر ئامادەیە سەر بکات بە زبڵدانی ماڵی یارەکەیدا، ئەم کارە ئەگەر چی کاری سەگە، بەڵام شاعیر ئەم کارە بە پلەو پایەیەکی بەرز دادەنێت، لێکچواندنەکەش بەمجۆرەیە :

سەگ: لەوچوە

(م) شاعیر: لێچوە

وەک: ئەوزارە

وەرکەوتن: ڕووی لێکچواندنە.

وەک دەبینین هەر چوار بنەڕەتەکەی لێکچواندنی تێدا هاتووە، بۆیە وەک نموونەکانی پێشوو دەکەوێتە بەر ئەمجۆرەی لێکچواندن کە بە لێکچواندنی ڕەها ناودەبرێت.

لێرەداو دوای شیکردنەوەی ئەم نموونە شیعرانەی سەرەوە دەتوانین کۆتایی بەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە بهێنین و بەرەو بەشی دواتر بچین.

## بەشی سێیە م

## جۆرەکانی لێکچواندن بە پێی بابەتی بنەڕەتەکانی و چۆنیەتی ڕێز بوونییان

### یەکەم : جۆرەکانی لێکچواندن بە پێی هەستی و ژیری دوو بنەڕەتە سەرەکییەکە:

هەروەک لەمەوپێش ڕوونکرایەوە، لێکچواندن لەچوار بنەڕەتی جیاواز پێکدێت، ئەم بنەڕەتانە دوویان سەرەکین و دوویان لاوەکین، جا دەشێت دوو بنەڕەتە سەرەکییەکە کە بریتیین لەلێچو و لەوچو لەڕووی هەستی و ژیرییەوە بەسەر سێ کۆمەڵەدا دابەشبکرێن:

### ١. هەردوو بنەڕەتەکە هەستی بن:

لەبەرئەوەی لێکچواندن بەهۆی بەدیهاتنی هاوبەشییەک لەنێوان دوو شت دێتە کایەوە، بۆیە پێویستە ئەم دوو شتە ناسراوبن، بۆیە هەندێکجار دوو شت هەڵدەبژێردرێن کەوا(( لەڕێگەی پشت بەستن بەیەکێک یان زیاتر لەپێنج هەستەکە (بینین، بیستن، چەشتن، بۆنکردن، دەست لێدان)... دروستدەبن و بەهۆی ئەو هەستپێکردنە شاعیران وێنەکانییان لەسەر بنەمای هەستی بنیاتناوە بۆ ڕەنگدانەوەی شتەکان و سیفەتەکانییان لەڕەنگ و دەنگ و بۆن لەدەروونداً))( العانی: ١٩٩٦ : ٢٩)، بۆ نموونە وەک لێکچواندن لەیەکێک لەم خاسیەتانە: ((١. لەسیفەتی بینراو وەک (لێکچواندنی ئافرەت بەڕۆژ لەڕووناکی دا، قژ بەشەو لەڕەشیدا. ٢. لەسیفەتی بیستراو: وەک لێکچواندنی دەنگێکی بەرز بەنەڕەی شێر. ٣. لەسیفەتی تامکراو: وەک لێکچواندنی میوەیەکی شیرین بەهەنگوین. ٤. لەسیفەتی بەرجەستە: وەک لێکچواندنی جەستەیەک بەحەریر. ٥. لەسیفەتی بۆنکراو: وەک لێکچواندنی بۆن بەمسک)) (الهاشمی:٢٠٠٨: ٢٢٢– ٢٢٣)، واتە لێکچواندنەکە بەیەکێک ((لەپێنج هەستەکە وەربگیرێن: وەک (تۆ وەک خۆری لەڕووناکیدا)، یان لێکچواندنی ڕوویەک بەگوڵ))( الهاشمی:٢٠٠٨: ٢١٦-٢١٧)، هەروەها وشەکانی وەک(( مرۆڤ، من، تۆ ...نازناوی وەک (حافظ ، سعدی)... هەرکاتێک ئەو وشانە بەلێچوو داندران بەهەستی دادەنرێن، چونکە دەتوانین هەستییان پێبکەین))(شمیسا، ١٣٧٤ هـ: ٧٦، ٧٧)، کەواتە ئەگەر ئەو دوو بابەتەی لێکچواندنییان لەنێواندا دەردەکەوێت هەردووکییان بەریەکێک لەهەستەکانی مرۆڤ بکەون، ئەوا بەلێکچواندنی هەستی بەهەستی ناودەبرێن، لەبەرئەوەی هەستەکانی مرۆڤیش زیاتر لەهەستێکن، بۆیە دەتوانین لەمڕووەوە چەند لق و پۆپێکی تری لێکچواندن جیا بکەینەوە، کە بریتین لە (لێکچواندن لە بینین، لێکچواندن لە بیستن، لێکچواندن لە تام و چێژ، ...هتد)، هەروەک لە خوارەوە ئەوجۆرانەی لەشیعری ئەختەردا دەرکەوتبن ڕوونییان دەکەینەوە، بۆ نموونە لە دەقی شیعری ( ئەسیری محنەتی) دا دەڵێ:

فیدای لەعلی لەبت بم، دێتە یادت شەرتەکەی جاران

بکە ڕەحمێ بە فرمێسک و دڵۆپەی چاوی خوێن بارم ل. ٧٠

شاعیر خۆی فیدای لێوە سوورەکانی یار دەکات، شەرت و پەیمانی نێوانیانی دێتەوە یاد، داوای لێدەکات ئەو شەرت و پەیمانانە لەیاد نەکات و ڕەحمێک بەفرمێسک و خوێنی بارانی چاوەکانی بکات. لێکچواندنەکە بەمجۆرە شیدەکرێتەوە:

لەعل (جۆرە بەردێکی گرانبەهای سوورە): لەوچوە
لەب (لێوی یار): لێچوە
ئەوزار: دەرنەکەوتووە
ڕووی لێکچواندن: دەرنەکەوتووە.

ئاشکراشە هەردوو بنەڕەتی لێکچواندن (لەعل، لێو) هەردووکییان دوو ناوی بەرجەستەن و بەر هەستی بینین دەکەون، واتە هەستین، و لە جۆری هەستیشدا بە لێکچواندن لە ڕووی بینین ناودەبرێت. ئەمەش هونەرێکی جوانی شیعرییە، چونکە ئاشکرایە ((چاو ئامێری شاعیرانی وێنەییەو بەشەکانی جەستەی ئازیزانی پێ وێنە دەکێشن، و هەموو شتێکی جوانی سروشت بە دەلالەتە وێنەییەکان وەردەگرن وەک گەوهەری جیاجیا لەناو یەک قاوغدا ))(علی: ١٩٩٦: ١٧٩).

هەروەها شاعیر لە شیعری ( ئەسیری دەستی شۆخێکم) دا دەڵێ:

خەزان ڕابورد، ئەییامی بەهارە گوڵ، کــەچی ئەختەر

لە وێنەی غونچەی دڵتەنگم، بەبێ ئەم سەروە ڕەعنایە   ل. ٦٢

لەم نموونەیەشدا هەمان جۆری لێکچواندن دەبینرێت و شاعیر خۆی لەبارێکی دڵتەنگدا دەبینێت و لێکچواندنەکە بەمشێوەیە بەرچاو دەکەوێت:
ڕاناوی (م) شاعیر لە وشەی (دڵتەنگم): لێچوە
غونچە: لەوچوە
لەوێنەی: ئەوزارە
ڕووی لێکچواندن: دەرنەکەوتووە.

وەک دەبینرێت هەردوو بنەڕەتە سەرەکییەکەی لێکچواندن لەم نموونەیەدا بریتین لە (شاعیر) کە لێچوە، و (غونچە) کە لەوچوە، هەردووکییان ناوی بەرجەستەن و بەهەستی بینینی مرۆڤ هەستییان پێدەکرێت، بۆیە دەتوانین ئەم لێکچواندنە بەلێکچواندنی هەستی بەهەستی لە ڕووی بینین ناوبنێین.

لە دێرە شیعرێکی تردا لە شیعری (دەخیلت بم) دا دەڵێ :

لە دەوری عارضت کاکۆڵی پڕچین

دەڵێی ماری سیای ئێشکچی گەنجە   ل ٦٧

شاعیر وەسفی کاکۆڵی یارەکەی دەکات کە وەک مارێکی ڕەش خۆی لوولداوەو پاسەوانی لە گەنجینەیەک دەکات، ئەو گەنجینەیەش ڕووی جوان و بەنرخی یارە، لێرەدا :
کاکۆڵی پڕ چین (قژی پێچاوپێچی یار): لێچوە

ماری سیا (ماری ڕەش): لەوچوە
دەڵێی: ئەوزارە
ڕەشی و لوولخواردن و ئێشکچییەتی: ڕووی لێکچواندنە.

لەبەرئەوەی ئەو خاڵەی ڕووی لێکچواندنەکە پێکدەهێنێت بریتییە لەڕەنگی ڕەش و لوولخواردن, و ئەمانەش بەر هەستی بینین دەکەون، بۆیە ئەم لێکچواندنەش بەر ئەم پۆلێنەوەی سەرەوە دەکەوێت[i].

لە دێرە شیعرێکی تردا لە شیعری ( ئەسیری محنەتی) شاعیر دا دەڵێ:

سەرو ماڵم بە قوربانی پیاڵەی چاوەکەی مەستت
وەرە خێرت دەگاتێ، بمکوژە لەم عومرە بێزارم
ل. ٧٠

لێرەدا شاعیر هۆکاری مەرگ و ژیانی خۆی تەنها لە چاوی یارەکەی دەبینێت و بەبێ بوونی ئەو ژیانی وەک دۆزەخە، جا بۆیە داوا لەیار دەکات بێت و بیکوژێت، چونکە لە ژیانی خۆی بێزارەو ئەم کوشتنەش بەخێرێک دەزانێت بۆ ئەوەی لەم میحنەتە ڕزگاری بێت. لێکچواندنەکە بەمجۆرەیە:

چاوی مەستی یار: لێچوە
پیاڵە: لەوچوە
ئەوزار: دەرنەکەوتووە
ڕووی لێکچواندن: دەرنەکەوتووە.

لەبەرئەوەی هەردوو لایەنەکەی لێکچواندن بریتین لە (چاو، پیاڵە)، واتە بەر هەستی بینین دەکەون، بۆیە ئەو لێکچواندنەش لەهەمان جۆری نموونەکانی سەرەوەیەو بە لێکچواندنی هەستی بە هەستی ناودەبرێت.

هەروەها شاعیر لە شیعری (ئەسیری محنەتی) دا دەڵێ:

لە هیجری چاوەکەی مەستت دڵ و دینم بە غارەت چوو
میثالــی شێخـــــــی صنعانـــی دێرو زیننــارم ل ٧٠

شاعیر باس لەوە دەکات بەهۆی دوورکەوتنەوەی لەچاوە مەستەکانی یارەکەیەوە دڵ و دینی بە تالان چووە، و وەک شێخی سەنعانی لێهاتووە، کە بەهۆی کچە مەسیحییەکەوە دینەکەی خۆی لە دەستداوە. لێکچواندنەکەش بەمجۆرەیە:

شاعیر کە بە ڕاناوی (م) لە وشەی (صنعانم) دەرکەوتووە: لێچوە
شێخی سەنعان: لەوچوە

میثال: ئەوزارە
وەرگەڕان لەدین: ڕووی لێکچواندنە.
لەبەرئەوەی هەم شاعیرو هەم شێخی سەنعانیش هەردووکییان مرۆڤن، کەواتە دوو لایەنەکەی لێکچواندن هەردووکییان هەستین، و بەلێکچواندنی هەستی بەهەستی ناودەبرێت.
وەک دوا نموونەی ئەم جۆرەی لێکچواندنیش دەڕوانینە دێرە شیعرێکی تری ئەختەر لە دەقی شیعری ( ئەمان ساقی) دا کە دەڵێ :

لە هجری قامەتی سەروت وەکو قومری بە ڕۆژو شەو
لە باغی زیندەگی پیشەم هەمیشە ئاهـ وناڵینە ل. ٦١

لەم نموونەیەدا شاعیر لە دووری یارەکەی هەردەم لە ژیاندا وەک باڵندەی قومری خەریکی ئاهـ و ناڵینە، لێچکواندنەکەش بەم شێوەیەیە:
شاعیر کە بە ڕاناوی (م) لە (پیشەم) دا دەرکەتووە: لێچوە
باڵندەی قومری: لەوچوە
وەکو: ئەوزارە
ئاهـ و ناڵین: ڕووی لێکچواندنە.
ئاشکرایە ڕووی لێکچواندن کە خاڵی هاوبەشی نێوان هەردوو جەمسەرەکەیە بریتییە لەجۆرێکی دەنگ کە ئاهـ و ناڵینە، بۆیە ئەم لێکچواندنە بە لێکچواندن لە دەنگ ئەژمار دەکرێت. بۆیە دەگوترێت ئەم جۆرە لێکچواندنە بەر هەستی بیستن دەکەوێت، چونکە بەهۆی بیستن لێکچواندنی نێوانییان وەردەگیرێت و وێنەی لێکچواندنییان لێ دروستدەکرێت، دیارە(( بیستن یەکێکە لەپەنجەرەکانی وەرگرتنی شتەکان و هەست پێکردن و کاریگەربوون پێیان و وێنەکێشانییان، و ڕۆڵی هەیە لە وەرگرتنی شێوەکانی هونەر وەک مۆسیقا، و شیعر لە بەدەستهێنانی پلەی جوانیدا پشت دەبەستێت بە دەنگ کە کاریگەرییەکی تایبەتی لەو کەسانە دەکات کە دەبیستن و گوێدەگرن لە ترپەو فسکەو هاوارو ناڵە))( إبراهیم: ٢٠٠٦: ٣٠٨).
وەک ئاشکرایە هەستەکانی مرۆڤ بریتین لەپێنج هەست، بەڵام لەبەرئەوەی لە شیعرەکانی ئەختەردا تەنها نموونەمان بۆ ئەم دوو هەستە دۆزییەوە، و بۆ ئەوەی لە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە دوورنەکەوینەوە، چی تر بە پێویستی نازانین قسە لەبارەی هەستەکانی ترەوە بکەین.

### ٢. یەکێک لە بنەڕەتەکان هەستی بێت و یەکێکییان ژیری بێت:

لەمجۆرەیاندا دوو لق جیادەبێتەوە: چونکە دەشێت(( لێچوو هەستی بێ و لەوچو ژیری بێ: وەک (پزیشکی خراپ وەک مردن وایە)، یان لێچوو هەستی بێ و لەوچو ژیری بێ: وەک (زانست وەک ڕووناکی وایە) )). (الهاشمی: ٢٠٠٨: ٢١٦ - ٢١٧)، واتە(( یان وا دەبێت لێچوو ژیری و لەوچو هەستی دەبێت وەک لێکچواندنی تورەیی بە ئاگر، یان لێچوو هەستی و لەوچو ژیری دەبێت، وەک لێچواندنی ئاخاوتن بە ئاکاری بەرزو جوان))(حەوێزی: ٢٠٠٩: ٦١ ).

أ. لێچو هەستی بێت و لەوچو ژیری: لەمجۆرەیاندا لە دوو بنەڕەتە سەرەکییەکەدا لێچو بابەتێکی هەستی دەبێت و بەریەکێک لە هەستەکانی مرۆڤ دەکەوێت، بەڵام بەپێچەوانەوە لەچو ژیرییەو بە هیچ کام لە هەستەکانی مرۆڤ هەستی پێناکرێت، هەروەکو لەدێرە شیعرێکدا لەدەقی شیعری (دەخیلت بم) دا دەڵێ:

کە جەژنی وەصلە چاوم با بەلا گەردانی بالات بم

بە دەستی نازو شمشێری برۆت ئەم صیدە قوربان کە ل. ٦٦

لەم دێرە شیعرەدا، شاعیر گەیشتن بە یارەکەی بە جەژن دادەنێت، لەم جەژنەدا خۆی دەکات بە قوربانی، حەزیش دەکات بە شمشێری برۆی یارەکەی ئەو قوربانییە ئەنجامبدرێت و خوێنی برێژێت، ئەمەش لوتکەی خۆشەویستییە بەرامبەر یارەکەی، لەم نموونەیەدا دوو لێکچواندن بەرچاو دەکەوێت:

١. وەصل (گەیشتنی یار): لێچویەکی هەستییە، (واتە بەر هەستەکان دەکەوێت).

جەژن: لەوچویەکی ژیرییە ( واتە ناکەوێتە بەر هیچ یەکێک لەهەستەکان).

ئەوزار: دەرنەکەتووە

ڕووی لێکچواندن: دەرنەکەتووە.

ئەو لێکچواندنە بە لێکچواندنی هەستی بەژیری ناودەبرێت.

لێکچواندنی دووەمیش، بریتییە لەو لێکچواندنەی خوارەوە، وەک دەبینرێت لەو پۆلێنەدا شوێنی نابێتەوە:

٢. شمشێر: لەوچویەکی هەستییە

برۆ : لێچویەکی هەستییە

ئەوزار: دەرنەکەتووە

ڕووی لێکچواندن: دەرنەکەتووە.

ب لێچو ژیری بێت و لەوچو هەستی بێت: لەمەیاندا دوو لایەنەکەی لێکچواندن جیاوازن، بەڵام جیاوازەکە بەشێوەیەکە کە لێچو ژیرییەو بەر هیچ یەکێک لەهەستەکانی مرۆڤ ناکەوێت، بەڵام لەوچو بابەتێکی هەستییەو بەر یەکێک لە هەستەکان دەکەوێت، بۆ نموونە شاعیر لەشیعری (ئەسیری دەستی شۆخێکم) دا دەڵێ:

لە موڵکی سینە بەربوو، ئاگری عەشق و کەبابە دڵ

جەهەننەم پڕ لە ئەغیارت، نیە باکم لە سەمایە ل. ٦٢

لەم دێرەدا دەبینین شاعیر وەسفێکی جوانی کردووە، لەحەشمەتی یارەکەی ئاگر لەسینەی بەربووەو دڵی بووە بەکەبابی برژاو، دوژمنانی یاریش هەموو چارەنووسییان جەهەننەمە، هەرچەندە شاعیر وێنەیەکی تەقلیدی بەکارهێناوە، بەڵام زۆر بەجوانی تەوزیفی کردووەو دوو لێکچواندنی لەم دێرە شیعرەدا بنیاتناوە، کەوا بەمجۆرەی خوارەوە شیدەکرێنەوە:

١. عەشق: لێچویەکی ژیرییە

ئاگر: لەوچویەکی هەستییە

ئەوزار: دەرنەکەتووە

ڕووی لێکچواندن: دەرنەکەتووە.

لێکچواندنەکەی تر ناکەوێتە ژێر ئەو ناونیشانەوە، کە بریتییە لە:

٢. دڵ: لێچویەکی هەستییە

کەباب: لەوچویەکی هەستییە

ئەوزار: دەرنەکەتووە

ڕووی لێکچواندن: دەرنەکەتووە.

لەم دوو لێکچواندنەی سەرەوەدا تەنها یەکەمییان بابەتی ئەم تەوەرەی باسەکەمانە، ئاشکرایە (عەشق) شتێکی بەرجەستە نییەو ناکەوێتە بەر هیچ کام لە هەستەکان، بۆیە دەتوانین بڵێین لێرەدا لێچو وشەیەکی ژیرییە، بەڵام لەوچو کە (ئاگر) ە وشەیەکی هەستییە، چونکە بەر هەستەکانی مرۆڤ دەکەوێت، بۆیە بە لێکچواندنی ژیری بە هەستی ناودەبرێت، بەڵام لە لێکچواندنی دووەمدا (کەباب، دڵ) هەردووکییان ژیریین و دەکەونە ژێر ناونیشانەکەی پێشوو.

هەروەها ئەختەر لە شیعرێکدا بەناونیشانی (بە بەزمی وصلی تۆ ) دەڵێ:

هەتا ئوردوبەزی شاهی محەبەت بی لەسینەم دا

له چنگی لەشکری غەم مولکی دڵ وێران و خاپووره ل. ٦٣

لێرەدا شاعیر له دووری یارەکەی دڵتەنگ و غەمین و ماڵوێرانه، لێکچواندنەکه بەمشێوەیەیه :

غەم : لێچویەکی ژیرییه

لەشکر: لەوچویەکی هەستییه

ئەوزار: دەرنەکەتووه

ڕووی لێکچواندن: دەرنەکەتووه.

وەک دیاره لێچو که (غەم)ه بابەتێکی ژیرییەو بەر هەست ناکەوێت، بەڵام لەوچو (لەشکر)ه که بابەتێکی هەستییەو به هەستەکان دەبینرێت، بۆیه به لێکچواندنی ژیری به هەستی ئەژماردەکرێت.

٣. هەردوو بنەڕەتەکه ژیری بن: واته هەریەکه له لێچو و لەوچو بەر هیچ له هەستەکان نەکەون تەنها به ئەقڵ وەربگیرێن، و(( هەریەک لەمانه به ئەقڵ هەستی پێ بکرێت نەک به هەستەکان وەک:( لێکچوانی نەخوێندەواری بەمردن)) (عبد الهادی: ١٣١٨ هـ : ٨١)، بۆ زیاتر شیکردنەوه دەتوانین پێناسەیەکی تر بخەینه بەرچاو کەدەڵێت:(( ژیری واته هەستی نەبێ وەک (ڕاوبۆچوون، ڕەفتار، بەخت، ئاوات، زانست، زیرەکی، ئازایەتی...))( الهاشمی: ٢٠٠٨: ٢١٧). جا لەبەرئەوەی له دیوانی ئەختەردا نموونەی لەمجۆره نەدۆزرایەوه بۆیه لەمه زیاتر لەسەری ناوەستین.

## دووەم: بابەتەکانی لێکچواندن بەپێی بابەتی ڕووی لێکچواندن :

لەبەرئەوەی ڕووی لێکچواندن دەکرێت چەند بابەتێکی جیاواز بێت لەژیانی ڕۆژانەماندا، بۆیە(( لێکچواندن لەچەند شێوەیەکدا دەردەکەوێت وەک لێکچواندنی شتێک بەشتێک له شێوەو جەستەدا، لێکچواندن لەواتادا، لێکچواندن له جووڵەدا، لێکچواندن لەهێواشی و خێراییدا، لێکچواندن له ڕەنگدا، لێکچواندن له دەنگدا، وه دەشێت ئەو واتایانه ئاوێتەی یەکتر بن، ئەگەر شتێک به شتێکی تر بچووێنرێت له دوو واتا یان سێ واتادا لەو سیفەتانەدا ئەوا لێکچواندنەکه بەهێزتر دەبێت و زیاتر ڕاستی تێدا دەردەکەوێت)) (العلوی: ٢٠٠٥: ٢٣)، لەم جۆرانەی لێکچواندنیشدا

ئەختەری شاعیر داهێنانی نواندووەو چەند جۆرێکی جیاواز لە دێرە شیعرەکانیدا دەبیرێت، بۆ نموونە :

١. لێکچواندن لە ڕەنگدا: لەمجۆرەیاندا ڕەنگێک لە ڕەنگەکان دەبێت بەخاڵی لێکچواندن لە نێوان هەردوو لایەنەکەدا، واتە ڕەنگ دەبێت بەڕووی لێکچواندن لەنێوان دوو لایەنەکەی لێکچواندندا، چونکە(( کاریگەری ڕەنگ لەسەر هونەرو هونەرمەندان گرنگییەکی گەورەی هەیە، بەهۆی ڕەنگێک حاڵەتێکی دیاریکراویان دەردەبڕی و بەهۆی ڕەنگێکی تر حاڵەتێکی تر...، و وێنە لە هونەردا پێویستی بەو ڕەنگانە هەیە کە فلچەی وێنەکێش دەیپڕژێنێت، بەڵام شیعر وێنەی جوڵاوە کە لە دەربڕینی شیعری پێکدێت، بۆیە هەندێ لە لێکۆلەرەوەکان جیاوازی ناکەن لەنێوان شیعرو تابلۆو لەنێوان وێنەی چەسپاو لەسەر تابلۆیەک و وێنەی جوڵاو لە دێرە شیعرێک یان چەند دێرێکدا))( الدلیمی: ١٩٩٠: ٦٧ - ٦٨)، بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (لە سینەی) دا دەڵێ :

خاڵی ڕەشی سەر ڕومەتی

حجر الاسود خۆیەتـــــی ل. ٦٤

لەم دێڕەدا دەبینین شاعیر وێنەیەکی جوانی بەکارهێناوەو سنوری لاهوتی بەزاندووە لە پیرۆزی و جوانیدا، خاڵە ڕەشەکەی سەر ڕوومەتی یارەکەی بەبەردە ڕەشەکەی کەعبە چواندووە، لێکچواندنەکەش بەمجۆرەیە:

خاڵی ڕەشی سەر گۆنای یار: لێچوە

حجر الاسود (بەردی ڕەشی کەعبە): لەوچوە

ئەوزار: دەرنەکەوتووە

ڕەنگی ڕەش: ڕووی لێکچواندنە.

واتە خاڵی هاوبەش لەنێوان دوو بنەڕەتەکەدا کە ڕووی لێکچواندن پێکدەهێنێت بریتییە لە (ڕەنگی ڕەش)، ئەو ڕەنگە دەبێتە هۆی دروستبوونی لێکچواندنەکە[ii].

هەروەها شاعیر لە شیعری (ئەمان ساقی) دا دەڵێ:

بە داغی ئەشقی ڕوخسارت وەها لەت لەت بووە جەرگم

وەکو لالە هـــەموو ئەعضام بە خوێنی دیدە ڕەنگینە ل. ٦١

لێرەدا شاعیر لەتاو عیشقی یارەکەی جەرگی لەت لەت بووە، بەهۆی خوێنی چاوەکانیشییەوە جەستەی وەک گوڵاڵە سورە سوور بووە، لێکچواندن لەم نموونەیەدا بەمشێوەیەیە:

لالە (جۆرە گوڵێکی سوورە): لەوچوە

ئەعضام (ئەندامانی لەشی شاعیر): لێچوە
وەکو: ئەوزارە
ڕەنگین بە ڕەنگی سووری خوێن: ڕووی لێکچواندنە.

وەک دیارە ئەو خاڵەی ڕووی لێکچواندنی لەنێوان هەردوو جەمسەری لێکچواندنەکە دروستکردووە بریتییە لە ڕەنگ ڕشتن بە ڕەنگی سوور، بۆیە دەتوانین ئەم نموونەیە بە لێکچواندن لە ڕووی ڕەنگ ئەژماربکەین.

٢. لێکچواندن لە دەنگدا: واتە یەکێک لەم دەنگانەی کە لەژیانی ڕۆژانەماندا گوێیەکانمان پێی ڕاهاتووە دەبێت بە ڕووی لێکچواندن، بۆ نموونە، شاعیر لە شیعری (بە زنجیری) دا دەڵێ:

بە زنجیری محەبەتتان دڵی زارم گورفتارە
لە وێنەی شێت و شەیدایان ئەنیسم ناڵەو زارە     ل. ٦٢

خۆشەویستی شاعیر بۆ یارەکەی لەشێوەی کۆت و زنجیرێکدایە، کە دڵ و دەرونی گیرۆدە کردووەو شەیداو سەرگەردانی کردووە. لێکچواندنەکەش بریتییە لە:
شێت و شەیدا: لەوچوە
ئەنیسی شاعیر: لێچوە
وێنە: ئەوزارە
ناڵەو زار: ڕووی لێکچواندنە.

لەم لێکچواندنە یەکێک لە جۆرەکانی دەنگ کە ( ناڵین)ە ڕووی لێکچواندنی پێکهێناوە، بەمهۆیەوە لێکچواندنەکە بە لێکچواندن لە دەنگ ناودەبرێت.

لێکچواندنێکی تریش لەو دێرە شیعرەدا هەیە، بەڵام ناکەوێتە بەر ئەو پۆلێنەوە، کە بریتییە لە:
محەبەتتان ( خۆشەویستی یار): لێچووە
زنجیر: لەوچووە
ئەوزار: دەرنەکەوتووە
ڕووی لێکچواندن: دەرنەکەوتووە.

## دووەم: جۆرەکانی لێکچواندن بەپێی چۆنیەتی ڕیزبوونی لێکچواندنەکان :

لەبەرئەوەی لە هونەری لێکچواندندا دەشێت زیاتر لە لێکچواندنێک لە دێرە شیعرێکدا بەرچاو بکەوێت، ئەم لێکچواندنانەش هەموو جارێک بەهەمان شێوە ڕیز نابن، لەسەر ئەم بنەمایەش و بەپێی چۆنیەتی ڕیزبوونی لێکچواندنەکان چەند جۆرێکی لێکچواندن دیاریدەکرێن، کە بریتین لە:

(( ١. لێکچواندنی پێچراو ـ الملفوف ـ: واتە هەر لایەنێک لە دوو لایەنەکە لەگەڵ هاوتاکەی بێ، واتە لێچوو لەگەڵ لێچو، لەوچو لەگەڵ لەوچو هاتبێت .

٢. لێکچواندنی جیا ـ المفروق : واتە هەر لێچوویەک لەگەڵ لەوچوەکەی هاتبێت .

٣. لێکچواندنی تەخت ـ التسویە: واتە ژمارەی لێچو زۆرو لەوچو کەم بێت .

٤. لێکچواندنی کۆ ـ الجمع: واتە ژمارەی لەوچو زۆرو لێچو کەم بێت)) ( الهاشمی: ٢٠٠٨: ٢١٩).

١. لێکچواندنی پێچراو: وەک لەپێناسەکەدا دیارە، لەمجۆرەیاندا لێچوەکان بەیەکەوەو لەوچوەکان بەیەکەوە دەردەکەون، بەڵام لەبەرئەوەی لەدیوانی ئەختەردا نموونەی شیعری بۆ ئەمجۆرەی لێکچواندن نەدۆزرایەوە، بۆیە لێرەدا کۆتایی بەمجۆرەی لێکچواندن دەهێنین.

٢. لێکچواندنی جیا: لەمەیاندا زیاتر لە لێکچواندنێک لەدێرە شیعرەکەدا دەبینرێت، بەڵام لێکچواندنەکان بەشێوەیەک ڕیزکراون، کەوا هەر لێچویەک لەوچوەکەی خۆی بەدوا داهاتووە، هەروەکو ئەختەر لە دێرە شیعرێکدا لەمجۆرە لێکچواندنەی بەرجەستە کردووە کە دەڵێ:

قازی و موفتی کە دوێنێ نەسیحەتی منیان دەکرد

ئیمرۆ <u>قازی</u> <u>مترب</u>ە و <u>ســــاقی</u> جەنابی <u>موفتی یە</u>   ل. ٦٩

شاعیر بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە ڕووی قسەکانی ئاراستەی کۆمەڵگا دەکات و باس لە قازی و موفتی دەکات، کە خۆیان ڕێنیشاندەری خەڵکن کەچی لەولاوە لە کات و دەرفەتی تردا خۆیان  ئامۆژگاری و قسەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەن و سنورەکان دەشکێنن، لێرەدا دوو لێکچواندن دەخاتە ڕوو :

١. قازی: لێچوە

مترب (دەنگبێژ): لەوچوە

ئەوزار: دەرنەکەتووە

ڕووی لێکچواندن : دەرنەکەوتووە.

٢. موفتی: لێچوە

ساقی (مەی گێڕ) : لەوچوە

ئەوزار: دەرنەکەتووە

ڕووی لێکچواندن : دەرنەکەوتووە.

وەک دیارە لەم دوو لێکچواندنەدا، یەکەمجار یەکێک لە لێچوەکان هاتووەو لەوچوی خۆی لەگەڵدا هاتووە، دواتریش لێچو و لەوچوەیەکی تر بەیەکەوە هاتووە، هەر کاتێک لێکچواندن بەمشێوەیە ڕیزبێت ئەوا بە لێکچواندنی جیا ناودەبرێت.

هەروەها لەو دێرە شیعرەی ئەختەردا دەبینرێت :

<u>ئاگری</u> <u>عەشقت</u> وەها <u>کوورەی</u> <u>دڵی</u> هیناومە تاو

شێت و شەیدای کردووم، ئاگام لە دونیایێ نییە ل. ٦٩

لێرەدا شاعیر لەتاوی عەشقی یارەکەی دڵی وەک کوورە گڕی گرتووە، بۆیە شێت و شەیدا بووەو ئاگای لە دونیا بڕاوە. لەم دێرەدا دوو لێکچواندن هەیە، هەروەکو لە خوارەوە لێکدەدرێتەوە:

١. ئاگر: لێچوە

عەشق: لەوچوە

ئەوزار: دەرنەکەوتووە

ڕووی لێکچواندن: دەرنەکەوتووە.

٢. دڵ: لێچوە

کوورە: لەوچوە

ئەوزار: دەرنەکەوتووە

ڕووی لێکچواندن: هێناومە تاو.

وەک دیارە لەم دوو لێکچواندنەدا لە هەردووکییاندا لێکچواندنەکان بەشێوەیەک هاتوون، هەریەک لە لێچوەکان لەوچوەکەی بەرامبەر هاتووە، ئەوەش ئەمجۆرەی لێکچواندنە کە بە لێکچواندنی جیا ناودەبرێت، دیسان لە دێرە شیعرێکی تردا دەڵێ :

لەلای تۆ بێ من <u>هاوین</u> <u>بەهـــــارە</u>

لەکن من <u>فەصلی</u> <u>گوڵ</u> <u>زستانە</u> بێ تۆ ل. ٦٧

شاعیر ڕووی قسەی لەیارەکەی کردووەو سەرزەنشتی دەکات کەوا بە دوور کەوتنەوە لەشاعیر دڵخۆش دەبێت، بەپێچەوانەوەی شاعیر کەوا لەدووری یار هەست بەغەمگینی دەکات، لەم نموونەیەشدا دوو لێکچواندن دەبینرێت:

١. هاوین: لێچوە

بەهار: لەوچوە

ئەوزار: دەرنەکەوتووە

ڕووی لێکچواندن: دەرنەکەوتووە.

٢. فەصلی گوڵ (بەهار): لێچوە

زستان: لەوچوە

ئەوزار: دەرنەکەوتووە

ڕووی لێکچواندن: دەرنەکەوتووە .

وەک دیارە لەم دوو لێکچواندنەشدا، بەهەمان شێوەی نموونەکەی پێشوو هەریەکە لە لێچوەکان بەرامبەر بە لەوچوەکەی خۆی هاتووە، ئەوەش ئەمجۆرەی لێکچواندنە کە بە لێکچواندنی جیا ناودەبرێت[iii]، هەروەها لە دێرە شیعرێکی ترداو لە شیعری (سەرم) دا دەڵێ:

دەرونم لەت لەتە ئاهم شەرارە

کە ئاوی چاوی من بارانە بێ تۆ ل. ٦٧

لەم دێڕەدا شاعیر بە هەستێکی دەروونی شێواو و بە پەرێشانییەکی زۆرەوە ئاهو و هەناسەی خۆی دەردەبڕێت. ئەوەتا لە دەردی فیراق و دووریدا ئاهو ناڵەی وەک ئاگرە، چاوەکانی فرمێسک دەڕێژن، فرمێسک ڕشتنەکەش ئەوەندە زۆرە وەک بارانە، ئەم لێکچواندنە زیادەڕۆییەکی جوانی تێدایە، و زیاتر لە لێکچواندنێکی تێدا دەردەکەوێت:

١. ئاهـ (ئاهـ و ناڵەی شاعیر): لێچوە

شەرارە (بڵێسەی ئاگر): لەوچوە

ئەوزار: دەرنەکەوتووە

ڕووی لێکچواندن: دەرنەکەوتووە.

٢. ئاوی چاو (فرمێسک): لێچوە

باران: لەوچوە

ئەوزار: دەرنەکەوتووە

ڕووی لێکچواندن: دەرنەکەوتووە.

لەم دوو لێکچواندنەشدا بەهەمان شێوەی نموونەکانی پێشوو، هەر لێچویەک لەوچوەکەی خۆی بەرامبەر هاتووە، ئەمەیە کە بە لێکچواندنی جیا ناودەبرێت.

٣. لێکچواندنی تەخت: لەم جۆرەی لێکچواندندا، چەند لێچوویەک دەردەکەون کەوا بە هەموویان تەنها یەک لەوچویان هەیە، واتە ژمارەی لێچوەکان زۆرن، بەڵام لەوچو هەر تەنها یەک دانەیە، لەبەرئەوەی لەدیوانی ئەختەردا نموونەی شیعری بۆ ئەمجۆرەی لێکچواندن نەدۆزرایەوە، بۆیە زیاتر لەسەر ئەمجۆرەش ناوەستین.

٤. لێکچواندنی کۆ: لەمجۆرەی لێکچواندندا بەپێچەوانەی جۆرەکەی پێشوو، تەنها یەک لێچوو هەیەو بەرامبەری زیاتر لە لەوچوەیەک هاتووە، هەروەکو لەمشێوەیەدا لە شیعری (ڕوحی شیرینم) دا دەڵێ:

خوێن لە چاوانم خرۆشا وا فوارەی بـــەستووە

نابێ جارێ بێیتە سەر ئەم حەوزو جۆگە و کانییە ل. ٦٩

شاعیر بەهۆی دووری یارەکەیەوە زۆر پەرێشانەو لەجیاتی فرمێسک خوێن لە چاوانی دەڕژێت، بۆیە داوا لە یارەکەی دەکات بێت و سەردانی بکات. لێکچواندنەکەش بەمجۆرەیە:

چاو: لێچوە

حەوز، جۆگە، کانی: لەوچون

ئەوزار: دەرنەکەوتووە

فوارەی بەستووە: ڕووی لێکچواندنە.

وەک دیارە تەنها یەک لێچوو هەیە کە بریتییە لە (فرمێسک) و لەبەرامبەریدا سێ لەوچو هەیە کەوا بریتیین لە(حەوز، جۆگە، کانی)، بەوهۆیەوە لێکچواندنەکە بە لێکچواندنی تەخت ناودەبرێت.

هەروەها ئەختەر لە شیعری (بە بەزمی وەصڵی تۆ) دا دەڵێ:

بە بەزمی وەصڵی تۆ تا خـــاطری محنەت کەشم دوورە

لە چەنگی جەورو غەم ناڵەم بە وێنەی تارو تەنبوورە ل. ٦٣

لەم دێرەدا شاعیر بە گەیشتنی یارەکەی دڵخۆشە، بەڵام لەدووری ئەمدا ناڵەی وەک ئامێری میوزیک دەنگدەداتەوە، لێکچواندنەکە بەمشێوەیە:

ناڵەم (ناڵەی شاعیر): لێچوە

تار، تەنبوور (کە دوو ئامێری میوزیکن): لەوچون

وێنە: ئەوزارە

ڕووی لێکچواندن دەرنەکەوتووە.

جا لەبەرئەوەی لێچوو تەنها یەک دانەیە کە بریتییە لە (ناڵەی شاعیر)، بەڵام لەبەرامبەردا هەردوو ئامێری (تار، تەنبوور) لەوچون، بۆیە ئەم نموونەیەش وەک نموونەکەی پێشوو بە لێکچواندنی کۆ ناودەبرێت.

هەروەها لە شیعری (نەو نەمامە) دا دیسان لەم شێوە لێکچواندنە دەردەکەوێت، هەروەکو دەڵێ:

خاب و خۆراکم نەماوە، عەیش و نۆشم زاری یە

دامەنم دائم مسالـــی جۆ و ڕووبـــارو شەتە      ل. ٦٨

شاعیر لەبەر بێ مەیلی یارەکەی خەو و خۆراکی نەماوە هەردەم پیشەی بووە بەخەمخواردن، بەوهۆیەشەوە ئەوەندە گریاوەو فرمێسکی ڕشتووە، بەهۆی فرمێسکە زۆرەکەی چاوییەوە دامەنی وەک ڕووباری لێهاتووە. لێکچواندنەکە بەمجۆرەیە :

دامەنم (دامەنی شاعیر): لێچوە

جۆ، ڕووبار، شەت: لەوچون

مسال: ئەوزارە

ڕووی لێکچواندن: شۆڕبوونەوەو شەپۆڵدان.

لەبەرئەوەی لەم نموونەیەدا تەنها یەک لێچوو هەیە کە بریتییە لە (دامەنی شاعیر) و لەبەرامبەریدا (جۆ ، ڕووبار، شەت) دوو لەوچون، بۆیە ئەم نموونەیە بە لێکچواندنی کۆ ناودەبرێت.

لە دیوانی ئەختەردا چەندین نموونەی تر بۆ لێکچواندن بەرچاودەکەوێت، بەڵام هەموویان لە ژێر ئەمجۆرانەی لێکچواندندا ڕیزدەبن کە شیمان کردنەوە، بۆیە پێمانوایە بەو چەند نموونەیەی شیکرایەوە ئامانجی بابەتەکەمان پێکاوەو لەمە زیاتر درێژە بەباسەکە نادەین[iv].

## ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەچەند ئەنجامێک گەیشتین کەوا دەتوانین گرنگترینیان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورتبکەینەوە :

١. هونەری لێکچواندن خاڵێکی گرنگ لە دروستبوونی شیعرە کوردییەکانی (ئەختەر) ی شاعیر پێکدەهێنێت، شاعیر هەوڵیداوە هەموو جۆرو شێوازەکانی

لێکچواندن لەدەقە شیعرییەکانیادا جێگە بکاتەوەو لەمەشدا تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە.

٢. ئەختەری شاعیر زۆر سەرکەوتووانە ئەو جۆرانەی لێکچواندنی بەرجەستە کردووە لەشیعرەکانیدا کەوا لەسەر بنەمای ژمارەی بنەڕەتە دەرکەوتووەکان دەستنیشان دەکرێت و لەمڕووەوە چەندین نموونەی شیعری جوان لەدیوانەکەیدا دەدۆزینەوە کە جۆرەکانی ( ڕەوان، پوختە، جەختاو) ی تێدا دەبینرێت.

٣. لەو جۆرانەی لێکچواندندا کە لەڕووی هەستی و ژێری دوو بنەڕەتە سەرەکییەکە دروست دەبن، شاعیر چەند نموونەیەکی شیعری بەهێزی هۆنیوەتەوە، کەوا شایستەی ئەوەن کەرەستەی لێکۆڵینەوەیەکی وەها بن.

٤. لەدیوانی ئەو شاعیرەدا لێکچواندن لەڕووی دەنگ و ڕەنگ بەرچاو دەکەوێت وەک نموونەیەک بۆ جۆرەکانی لێکچواندن لە ڕووی هەستەکانەوە.

٥. شاعیر سەرکەوتوو بووە لەبەرجەستە کردنی ئەو جۆرانەی لێکچواندن کەوا زیاتر لەوێنەیەکی لێکچواندنییان تێدا دەردەکەوێت، هەروەکو لەجۆرەکانی لێکچواندنی (جیا، کۆ) چەند نموونەیەکی شیعری بەرچاو دەکەون، بەڵام بۆ لێکچواندنی (پێچراو، تەخت) نموونەی شیعری لەشیعری ئەو شاعیرەدا نەدۆزرایەوە.

## سەرچاوەکان

### کوردییەکان :

#### کتێب :

١) حەوێزی، تاهیر ئەحمەد، ٢٠٠٢، دیوانی ئەختەر ـ ئەمین ئاغای حاجی بەکراغای حەوێزی، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئۆفیسی نالی، کۆیە .

٢) حەوێزی، دەریا جەمال، ٢٠٠٩، وێنەی ڕوونبێژی لە کۆمەڵە شیعری شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، چاپی یەکەم .

٣) سەجادی، علاءالدین، ١٩٧٨، خۆشخوانی (گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری، چاپخانەی معاریف، بغداد.

٤) گەردی، عەزیز، ١٩٧٢، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دار الجاحڤ، بەغداد.
٥) کەریم، د.فەرهاد قادر، ٢٠١٢، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم.
٦) مدرس، مەلا عبدالکریم، و فاتح عبدالکریم، ١٣٧٩ه. ، دیوانی نالی، مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی ، محمدی مەلا کریم ئەندامی یاریدەدەری کۆڕی زانیاری کورد پیا چوەتەوە، سنندج، إنتشارات کردستان .
٧) مستەفا، ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١١، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نمونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٨) میران و شارەزا، سەردار حمید، کەریم، ١٩٨٦، دیوانی حاجی قادری کۆیی، پێداچوونەوەی مەسعود محەمەد، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیریی و لاوانی ناوچەی کوردستان.

**گۆڤار** :
١) گەردی، سەردار، ١٩٩٧، ئەوزاری لێکچواندن لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری کاروانی ئاکادیمی، ژمارە: ٢.
٢) مولود، عبدالله خدر، ڕەوانبێژی لە شیعرەکانی حەمدیدا، گۆڤاری ڕامان، ژ: ٥٣.

**کتێبە عەرەبییەکان** :
١) إبراهیم، الدكتور الوصيف هلال الوصيف، ٢٠٠٦، التصوير البياني في شعر المتنبي، أستاذ البلاغةو النقد بكلية اللغة العربية، جامعة الأزهر، مكتبة الوهبة، القاهرة، الطبعة الأولى .
٢) أبو العدوس، يوسف، ١٩٩٩م.، البلاغةو الأسلوبية ـ مقدمات عامة، (إعداد)، المملكة الأردنية الهاشمية، عمان، الدار الأهلية للنشرو التوزيع، الطبعة العربية الأولى.
٣) الدليمي، الدكتور سمير على سمير، ١٩٩٠، الصورة في التشكيل الشعري ـ تفسير بنيوي، وزارة الثقافة و الإعلام، دار الشؤون الثقافية العامة، مطبعة آفاق العربية، بغداد، الطبعة الأولى.

٤) شعيب، إبن عبد الله، دون تأريخ، الميسر فى البلاغة العربية ـ علم البيان، علم المعاني، علم البديع، دروس و تمارين، الجزائر، دار الهدى، عين مليلة.
٥) العاني، ضياء عبدالرزاق أيوب، ١٩٩٦، البناء الفني عند كشاجم، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة الأنبار.
٦) عباس، الاستاذ الدكتور فضل حسن، ٢٠٠٩، البلاغة، فنونهاو أفنانها (علم البيان والبديع)، الأردن، دارالنفائس، الطبعة الثانية عشر.
٧) عبد الهادي، الدكتور، ١٣١٨ – ١٣١٩ هـ ش، تهذيب البلاغة، المجمع العلمي الإسلامى، المطبعة نهضت .
٨) عصفور، د.جابر، ١٩٩٢م.، الصورة الفنية في التراث النقدي و البلاغي عند العرب، الدار البيضاء، المركز الثقافي العربي، بيروت ـ الحراء، ط. ٣ .
٩) العلوي، محمد بن أحمد بن طبابا، ٢٠٠٥، عيار الشعر، شرح و تعليق: عباس عبد الستار، ماجستير في الأدب العربي، مراجعة: نعيم زوزو. دبلوم دراسات العليا في اللغة العربية و أدابها، منشورات محمد على بيضون، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، طبعة ٢ .
١٠) علي، نجم مجيد، ١٩٩٦، البناء الفني في شعر الغزل في العصر العباسي، رسالة الدكتورا، كلية التربية، جامعة الأنبار .
١١) القزويني، الشيخ الامام الخطيب، ٢٠١٢، التلخيص في علوم البلاغة، المكتبة العصرية، بيروت.
١٢) المراغي، احمد مصطفى، ٢٠١٢، علوم البلاغة – البيان والمعانى و البديع– تأليف، أستاذ اللغة بالكلية دار العلوم، راجعة و أشرف على تصحيحه: أبو الوفا مصطفى المراغي، مدير مكتبة الأزهر، المكتبة المحمودية، بيروت، الطبعة الخامسة.
١٣) الهاشمي، السيد احمد، ٢٠٠٨، جواهر البلاغة، الجزء الاول، مؤسسة العلمي للمطبوعات، بيروت، الطبعة الاولى.
١٤) الواعض، عبدالله الفرهادي، ١٩٦٧، كتاب أحسن الصياغة في حلية البلاغة، في البيان و المعانى و البديع، علم و أخلاق و حكم، بغداد، مطبعة سلمان الأعظمي .
١٥) يموت، الدكتورغازى، ١٤٠٣ هـ ـ ١٩٨٣م.، علم أساليب البيان، أستاذ مادتي البلاغة العربية و المدارس العربية و الأنواع الأدبية في كلية الأداب والعلوم الإنسانية في الجامعة اللبنانية، بيروت ـ لبنان، دار الأصالة للطباعة و النشروالتوزيع، ط. ١.

**به زمانی فارسی :**

- شمیسا (دکتور)، سیروس، ١٣٧٤، بیان، با تجدید نظرو إضافات، تهران، چاپخانه رامین.

**پەراوێزەکان:**

١ لێرەدا هەست بەکاریگەری حاجی قادری کۆیی دەکرێت بەسەر ئەختەردا، حاجی دەڵێ:
لە دوولا ئەژدیهای زولفی لە گەنجی حوسنی ئالاوە
لە لایەک ئاقڵم ئەمما لە ئەولاوە تەماع خاوە دیوانی حاجی قادری کۆیی ل. ١٣٩

١ دیسان کاریگەری حاجی قادری کۆیی دەبینرێت، هەروەکو لەدێرە شیعرێکدا دەڵێ:
و خرۆشی
دیوانی حاجی قادری کۆیی ل. ١٥٣

١ کردنەوەی
تاهیر ئەحمەد حەوێزی، ٢٠٠٢، ل. ٦٢، ٦٣، ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٧، ٦٨، ٦٩.